# رایەکی دی











**کۆمەڵگای** کوردی لەهەناوی خۆیدا هەڵگری چەندین دیاردەی نێگەتیڤە، یەك لەو دیاردە هەرە نێگەتیڤانەی کە هەموو کۆمەڵگا پێیەوە دەناڵێنێت، دیاردەی توندوتیژی یە. سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لەدایك بوونی ساتەوەختێکی دیاریکراو نییە و لەهەمان کاتیشدا تەنها یەك هۆکاری نییە، کە بووبێتە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی، بەڵکو زەمەنێکی دوور و درێژ و کولتورێکی گەورەیی لە پشتە، بۆیە بەئاسانی لێی رزگار نابین و کات و مێژوویەکی زۆری گەرەکە، بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانین بارەکە هەندێ سووك بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ هیوابڕ ببین و کار بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە نەکەین، سەرەتای کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە یاسا، بە پلەی دووەمیش بە هوشیاری کۆمەڵایەتییەوە، دیاردەی توند و تیژی زەرەر و زیانێکی بێ شوماری گەیاندۆتە کۆمەڵگاکەمان، جگە لەوەی دەبێتە هۆی پێگەیاندنی نەوەیەکی ناتەندروست لە رووی دەروونی و عەقڵیەوە، لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی نەتەوەییەوە بۆتە هۆی تێچوونی خەڵکێکی زۆریش. رەنگە لێرەدا پرسیارێك لە مێشکی خوێنەر بخولێتەوە و بپرسێت، ئەدی هەر بەهۆی توند و تیژی تاکەکانی نەتەوە نەبووە ئەمە چەندین ساڵە بەرەنگاریی داگیرکەران دەکەین؟ بەڵام کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندی تاکەکانی لەناوخۆیدا توند و تیژن، هیچ کاتێك ئەوەندە بەرامبەر بە دوژمنان توند و تیژ نەبوونە. ئەو پیاوەی ئەوەندە لەناو خێزانی خۆیدا بەرامبەر بە ژن و منداڵەکانی توند و تیژە، هیچ کات لە دەرەوەی خێزان ئەوەندە توند و تیژی نانوێنێ. چ لەوە کارەساتترە پیاوێك تا مردن لە ژنەکەی بدات و یەکێکی تر جگەر گۆشەکەی لە خەوی شیرینی بەیانی دا بکوژێت، کوڕێك دایکەکەی بەدەستی خۆی بخنکێنێ، ئەو دایکەی هەموو تەمەنی خۆی لە پێگەیاندنی ئەو رۆڵەیەی بەسەربردبێ، زیاتر لەوەش ئافرەتی پلەداری حکومەت منداڵێکی چوار ساڵانەی دراوسێکەیان بە چەقۆ هەنجن هەنجن بکا و فڕێیبداتە کولانە سەگێك. ئایا ئەو ئافرەتە لەبەرامبەر دوژمنەکانی حکومەتەکەشی ئەوەندە توند و تیژە؟ ئەم وێنانە و هەزارانی تر لە کۆمەڵگای ئێمە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی کوردستان زۆر بەجددی لە هەوڵی ئەوە دابێت، کە بەرنامەیەکی تێر و تەسەل دابنێت بۆ چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی توند و تیژی، ئەمەش هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بە قەدەغکردنی بەکارهێنانی توند و تیژی بەهەموو شێوەیەك لەناو خێزان، هەروەها ئەو یاسایە دەبێت سزایەکی پێویست بۆ ئەو کەسانە بڕێتەوە، کە ئەم کارە ئەنجام ئەدەن. چونکە رەگەکانی توند و تیژی لەناو خێزاندان، بۆیە ئەگەر بمانەوێ کار لەسەر نەهێشتنی توند و تیژی بکەین، پێویستە لەناو خێزانەوە دەست پێ بکەین، ئەمەیش بە وەعز و ئامۆژگاری ناکرێ، بەڵکو بەیاسا و دادگا و پەروەردەی تەندروست دەکرێت. تا ماوەیەك بەر لە ئێستاش لێدان لە قوتابخانەکان بوونی هەبووە، چونکە تاکو ئێستا مامۆستای کورد قەناعەت و باوەڕی بە راست و دروستی بڕیاری حکومەت نییە و پێیوایە بڕیارێکی هەڵەیە!! گریمان ئەم بڕیارەش سەری گرت و لە گشت قوتابخانەکان لێدانی قوتابی نەما، بەڵام چ ئەگەر لەناو خێزاندا هەروەك خۆی بوو، قوتابیەك دوای ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان دەرناچێ و دەکەوێ ناوێرێ بچێتەوە ماڵەوە، ناچار خۆی دەسوتێنێ! ئا ئەمەیە ئەنجامی ترس و لێدان و توند و تیژی ناو خێزان.

**فەرحان جەوهەر**

کۆوار، کۆواری ئێستا و ئاینده